# مەلا كرێكار لەسەنگەری بەعسەوە ڕەخنە دەگرێت!

**كەمال ڕەئوف**

مەلاكرێكار لە ژمارە 10 ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا گفتوگۆیەكی بلاْوكراوەتەوە كە لەوێدا لەسەر زاری خودی مەلاكرێكار ئەو بۆ چوونانە پشت ڕاست دەكاتەوە كە چەند ساڵە دەدرێنە پاڵی و بەكەسێكی تیروریست ناوگیری دەكەن و ئەویش نكوڵیان لێدەكات, بەلاْم پێچەوانەی ئەو ڕەتكردنەوانەی پێشووی ئێستا خۆی دیسانەوە لەو چاوێكەوتنەیدا تاسەر ئێسك هاو بیرو هاوخەمی تیرۆر و تیرۆرستان نیشان دەداداتەوە, ئەمە جگە لەوەی بەئاگایی بێ یان بەبێ‌ئاگای هەڵوێستەكانی وانیشان دەدات كە ئێستا لە سەنگەری حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە وە سەنگەری گرتوەو هەر لەهەمان دیدگاشەوە ڕەخنەكانی خۆی ئاراستەی كەموو كوڕیەكانی حكومەتی ئێستای عێراقی و داگیر كاری هێزەكانی ئەمریكا دەكات .

من وەك هەرخوێنەرێكی تر بەشێك لە قسەكانی مەلاكرێكاروەك كەسێكی ئیسلامی و كادرێكی دیاری ناو بزافی بزووتنەوەئیسلامیەكان كە هەڵگری ئایدلۆژیایەكی دیاریكراوە بەئاسای دێتە پێش چاوم وهەست ناكەم شتێكی تازەی ووتبێت بەتایبەتی لەسەر هەڵوێستگرتنی لەمەڕ ئوسامەبن لادن و زەرقاوی و شێخ زاناو ئیسلامیەكانی ناو پەرلەمان و ئێران و پارتی و یەكێتی كە پێدەچێت ئەو هەڵوێستانەی زیاتر لەئێستادا وەك ڕەدفعلێك دەرهەق بە ژیان و گوزەرانی خۆی نواندبێت , چونكە مرۆڤی ژێر بەڕاستی ناتوانێت ئاوا بەئاسانی قەناعەت بكات كە بەزمانێكی تارادەیەك شیرین و پاراو كەسانێكی وەك ئوسامە بن لادن و زەرقاویت لێبكەنە پیاوی ئایندەو شێخ زانایەكیشت لێبكەنە موجاهیدو مرۆڤ دۆست, بەلاْم لەو شوێنەدا كە مەلاكرێكار مقاوەمە بە بیلبیلە چاوی خۆی دەزانێت و لەوێوە بەقەلەم بازێكی سیاسی تێكەو لێكەیەك دروست دەكات وەك ئەوەی پێمان بڵی ئەو كوشتارو تاوانانەی كە ئەمڕۆ دەرهەق بەخەڵكی هەژارو مەدەنی عێراق دەكرێت , ئەو كارە تیرۆریستیانەی كە هەر ڕۆژە بەلاوێكی هەڵخەڵەتاو بەناوی ئیسلامەوە كاریخۆتەقاندنەوەی لەناو ئاپۆڕەی خەڵكی مەدەنیدا پێی ئەنجام دەدرێت , ڕەوایەو ناوی مقاوەمەیە , پێم وایە لێرەدا مەلاكرێكار جگەلەوەی دەبێت وەلاْمی بدرێتەوە دروستیش وایە بەزمانەكەی خۆی بە پاراوی پێ بلێت مامۆستا ئەم هەڵوێستە تازەیەتان جگە لە تۆمەتەكانی پێشوو تۆمەتی بەعسی بوونیشت بۆزیاد دەكات! چونكەئەم هەڵوێستانە بەناوی مقاوەمەتەوە جگەلەوەی كە ئاو دەكات بەئاشی تیرۆو تیرۆریستاندا لەهەمان كاتیشدا خزمەتێكی گەورە بە حیزبی هەڵوەشاوەی بەعس دەكات بەوەی كە دۆست و لایەنگرانیان بەناوی ئیسلام و مقاوەمەتەوە بۆزیاد بكات و موبارەكە لەهەر كاریكی تیرۆریستیان بكات كە ئەوان بەناوی مقاوەتەوە دەستیان داوەتێ , ئەمە لەكاتێكدایە كە ئاشكرایە بوونی دەستەو تاقمەكانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە بەهەمانگی لەگەڵ تیرۆری ئیسلامیەكان پرزەی لە بەر هەر مقاوەمەو نارەزایەتیەكدا بڕیوە كە ئەمڕۆ دەكرا لەبەرانبەر هەرخوارو خێچیەكی حكومەتی تازەی عێراق و مانەوەی هێزەكانی ئەمریكادا شەقامی عێراقی جمەی بهاتایە و بەدەیان شێوازی جۆراو جۆر و شارستانی

دەرهەق بەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لەئاراداهەیە بکەوتنایەتە سەرپێ و لەوێشەوە تێکەڵ بەدەنگی ئەو نارەزایەتیانە بوونایەتەوە کە لەجیهاندا لەدژی شەڕ لەئارادان.

مەلاکرێکار لەو دیمانەیەیدا جگە لەوەی کەوتووەتە ناو کۆمەڵێك هەڵەی سیاسی زەقەوە لەهەمانکاتیشدا تاڕادەیەك هەڵوێستی دژبەیەکی نیشان داوە , وەك ئەوەی لەلایەك مەتحی جەعفەری دەکات و بەسەید قوتبی شیعەکانی ناوزەند دەکات و بە پیاوێکی بیرمەندی دەزانێت , کەچی لەهەڵوێستی دەرهەق بە هاوکارانی داگیرکەرانی ئەمریکا خوێنیان حەلاڵ دەکات وەك ئەوەی سەربازەکانی ئەمریکا پاسەوانی جەعفەری نەکەن و جەعفەری کەوتبێتە دەرەوەی هاوکارانی هێزەکانی ئەمریکا. سەبارەت بە زەرقاویش کە خەڵکی وولاّتێکی ترەو لە عێراق چالاکی سیاسی و سەربازی دەکات بۆ مەلاکرێکار ئەو دەستتێوەردانەی زەرقاوی نەك هەرقابیلی قبوڵە بەڵکە وەك موجاهیدێکیش پێناسەی دەکات کارەکانی بەجیهاد دەناسێنێ , لەهەمانکاتیشدا بوونی هێزە دەرەکیەکانی ناو عێراق بە ئیحتلال باس دەکات , ئەو هەڵوێستەی لەکاتێکدایە کە خۆی لەهەموو کەس زیاتر ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی زەمینە سازی کرد بۆ هاتنی هێزەکانی ئەمریکا ئەوە خودی حیزبی بەعس بوو ئەوەشی کە ئەمڕۆ وادەکات کەئەو هیزانە زیاتر بمێننەوە ئەوە هێزە ئیسلامیەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتەتازەکەن .

ئەمڕۆ ناشرینی بەعسیەکان و توندڕەوی و ڕەشەکوژی ئیسلامیەکان هەلومەرجێکیان لەعێراق هێناوەتە ئاراوە کە لەپێش هەرشتیکدا خودی ئەوان وەك دژمنی سەرسەختی ئازادی و دیموکراتی و مافی ژنان ولاوان و نوێگەری دەردەکەون , کە بەداخەوە مەلاکرێکاریش ئەمڕۆ خۆی لەو سەنگەرەدا دەبینیتەوە کە کوشتنی منالاّنی برسی و خەڵکی ڕەش و ڕووتی مەدەنی کاری هەمە ڕۆژەیەتی, بە شێوەیەکی تر موبارەکە کردن و هاوسۆزی نیشان دان لەگەڵ کارگەلێکی تاسەر ئێسك تیرۆرستی کە ئەمڕۆ لەعێراق بەناوی مقاوەمەتەوە ئەنجام دەدرێت جگەلەوەی کەخزمەتێکی گەورە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەکات و دەستیان کراوەتر دەکات بەسەر سەری‌خەڵکەوە لەهەمان کاتیشدا خزمەتێکی باش بە داپۆشین و پەردەپۆشکردنی هەر کەموو کوڕیەك دەکات کە ئەمڕۆ حکومەتی تازەی عێراق غەرقی بووە و زیندانەکانی خۆی ئاخنییەوە لە موخالفینی خۆی.

لێرەوەیە کە ڕووی دەمی پرسیارمان دەکەینە مەلاکرێکارو لی دەپرسین جا ئەگەر ئەم هەڵوێستەی بەڕێزتان خزمەت نەبێت بەتیرۆرو بەگیانی تیرۆرستی ئەی ئاخۆ دەبێت تیرۆو تیرۆرستی چی بێت؟